# تێڕوانینی یەکەم لەسەر  بازاڕ و بەرهەم..

موحەمەد جەزا بەرزنجی
jazahossain@zonnet.nl

کۆمەڵگەیەك بەرەو  کۆمەڵگەی مەدەنی هەنگاو بنێ و بیەوێت دیموکراسی پیادەبکات و بوار بۆ چالاکیە ئازادیەکان و بازاری ئازاد برەخسێنرێ لە قۆناغێکی پاش قۆناغی وێرانکاری و پڕ لە تینویەتی ئازادی دا، گومان لەوەدا نابێت دەسەلآتداریەتی بەرێوە بردن بەرەنگاری چەندین رەخنە و نارەزایی دەربرین دەبێتەوە  بە پێی هەڵە و کەم و کورییەکان و بە رێژەی تێگەیشتنی هەڵسوڕێنەری دەزگاکان و ئەو یەکە بچوکانەی خوارەوە کە دەبنە کەناڵەکانی پەیوەندنی و  بەستنەوەکانی سەرو خواری دەزگاکان بە تەواوی کۆمەڵگەوە، دروستی کاریش لەودایە خوێندنەوەکان لە پێناوی بیناکردنەوە و سود وەرگرتن لە رەخنەکان بێت و دروستاندنێ کە خودی خاوەنەکەی بڕوای پێی نیە نەکرێتە پاساو و قەڵغانێك بۆ داپۆشینی هەڵە و کەم و کورییەکان و رەخنە گر وەك دوژمن سەیر و مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و خوێندنەوەکە لەوەدا بێت گەر لەگەڵ مندا نیت درژمنمی.

کاری دروست و پڕ پەرۆش گەرانە لە دوی چارەسەرەکان  بە پێی گۆڕانکاریەکان ، رەنگە قورس بێت حکومەت لە کۆمەڵگەیەکی وەك سەرەوەدا خۆی سەرقاڵی تەواوی پێداویستیەکانی جەماوەر بکات ، لەو جۆرە کۆمەلگانەدا حکومەت زیاتر بەرە و سەرپەرشتی کردن و چاودێری دەچێت و پلانی گونجاو و دروست دادەرێژێت ، پێویستە بۆ چالاکی دروستیش لە بازاڕی ئازادا پلانی هاندان و پشتگیری مادی و مەعنەوی هەبێت بۆ کەرتی تایبەت لە بەر روشنایی  کۆمەڵێ بڕیار و یاسایەکی تایبەت دا. سەردەمی رژێم و بە تایبەت لە سەرەتای هەشتاکانەوە بۆ پشتگیری کەرتی تایبەت بۆ هەر پرۆژەیەکی پیشەسازی 60٪ ی سەرمایەی پرۆژەکەی وەك سولفە دەدایە خاوەن پرۆژەکە+ ئاسانکردنی هێنانی ئامێرەکان لە دەرەوەی عێراق + پارچەیەك زەوی هەروەها مۆڵەتی هێنانی کەلوپەلی بازرگانی دەدایە بازرگانەکان  و کار ئاسانی گومرگی بۆ دەکردن کە رەنگە ئەمەی لە خزمەتی ئەو جەنگەدا بەکارهێنابێت کە 8 ساڵی خایاند و پارە و پولێکی زۆری لە سەرچاوە نەوتیەکانەوە لەبەر دەستا بوبێت ، لێرەدا دەمەوێ ئاماژە بە کۆڕێك بدەم کە لە ساڵی 1995 لە لایەن وەزیری دارایی و ئابوری حکومەتی کوردستانەوە بۆ خاوەن کارگە پیشەسازیەکانی کەرتی تایبەت لە ژوری بازرگانی سلێمانی سازدرا، لە کۆرەکەدا باس لە پلان و بڕیاری نوێی وەزارەت و حکومەت کرا بۆ بوژانەوەی کەرتی تایبەتی پیشەسازی لە وەڵامی پرسیارێکدا سەبارەت بە پلانی هاندان و پشتگیری جگە لەوەی مەبەست تەنیا لە دوانەخستنی مامەڵەی رۆتینی وەزارەت و دام و دەزگاکانیەتی هیچ جۆرە هاوکاری و هاندانێکی تر نەبوو ..! بە هۆکاری ئەوەی حکومەت ساوایە و توانای یارمەتی دارایی نیە و بە هۆی بارودۆخەکەشەوە رۆڵێکی نیە لە هێنانی ئامێر یان کەرەستەی تری بەرهەم لە دەرەوەی وولآت، من بۆخۆم وەك لەوەی نزیکەی20 ساڵێك لە ژوری بازرگانی بووم شارەزاییەکم لەو بوارەدا هەبوو لەکۆڕەکەدا رونکردنەوەیەکم دا :
گەرچی حکومەت ئەو توانایەی نیە وەك جاران  هاوکاری بکات بەڵام دەتوانێت رێگەچارەی تر بگرێتەبەر وەك لەوەی بەیەکجار دوو نیشان بپێکێ ، پلان لەوەدایە خەڵکی دێهاتەکان بگەرێنەوە لادێکان و قەرەباڵغی لەسەر شارەکان کەمبێتەوە و جارێکی تر بەرهەمی کشت و کاڵ  دەستپێبکرێتەوە، حکومەت دەتوانێت لە دەرەوەی شار لە ناوچەکانی نزیك ئەو دێهاتانەی رێگاوبان و هات و چۆ تیا ئاسانە یاخود ئاسانە کاری تێدایە چەند دۆنمێك زەوی بە

خۆرایی یان بە پارەیەکی کەم یاخود بە کرێیەکی کەم بۆ ماوەیەکی دیاری کراو تەرخان کات بۆ هەر کارگەیەگ بیەوێ لەو ناوچانە دابمەزرێنرێت بەمەرجێك زەویەکە ئەوەندە بێت ئەو بەشەی لە بینای کارگەکە زیاد دەبێت بیکاتە بەرژەوەندێکی تر و کارئاسانیش لەهەر کەرەستە و پێداویستیەکدا کە لە نوانای حکومەتدایە بکرێت بەمە چالاکی پیشەسازی و بەرهەم جوڵەی تێدەکەوێت ، کارگەش بێ کرێکار نابێت زۆر لەو دێهات نشینانە لەپاڵ زەوی کێڵانەکەیدا کاری لە کارگەیەکیشدا بۆ مسۆگەر بێت و مەیلی گەڕانەوەی دەبێت بۆ دێ یان شارۆچکەکەی، هێندەی باس دەکرێت ئێستا پاش ئەو هەموو ساڵە دۆنمە زەوی کەسانێك دەیکڕنەوە ئومێدی ئەوەی لێناکرێت بکرێنە پرۆژەیەکی ئابوری بەرهەم هێن و قەرەبالغی شارەکانیش تا بێت لە زۆر بووندایەدێهاتنشینەکانیش دەبنە کارمەندێ یا خزمەت گوزارێ . ئەوەی هەستی پێدەکرێت و خوێندنەوەی چاوی لەسەرە توانای سەرمایە لای کەرتی تایبەت بە شێوەیەکی رێژەیی هەیە، دەکرێت لە بوونی ئامارێك و دیاریکردنی چەندایەتی و چۆنایەتی ئەو کارگانەی پێویستن لە پلانێکی ساڵانە یان پێنج ساڵیدا بخرێتە بەر دەم سەرمایەداران و وەك جۆرە هاندانێك کار ئاسانیان بۆ بکرێت کۆڕ و کۆبونەوەی بۆ ساز بدرێت تا هۆشمەندی پیشەسازی زیاتر بێت ئەم هاندانەش لەکاتێکدا سەر دەگرێت هیچ پرۆسەیەکی مۆنۆپۆڵی نیا بەرجەستە نەکرێت.

قسەی ئێستەم بۆ 10 ساڵ لەمەو بەرە چۆن دەرئەنجامی داواکاری لەسەر پێداویستیەکان لە بازاردا تەوژمێکی پیشەدەستیەکان هاتە گۆڕێ و سەدان کارگەی پیشەیی سەریان هەڵدا، ئەودەم مۆنۆپەلکردنی بازار لە گۆڕێدا نەبوو زەمینەی پیشە دەستیەکان زیرەکانە تا رادەیەك زانستیانە جموجۆڵیان تێکەوتبوو ئەو دەم توانای هاریکاریش زۆر نەبوو ، خۆ گەر بێت و زۆر لەو بەرهەمە پیشەییانە بکرێنە تەکنۆلۆژیا گۆڕانکاریەکەی بەرچاو ساز دەبێت. لەمەوە تێڕوانین بۆ پێداویستسەکانی تر و خزمەتگوزاریەکان و بوار خۆشکردنی تەواو بۆ جموجۆڵی ئابوری ئازاد و کەم کردنەوەی فشار لەسەر دەزگا پەیوەندیدارەکان، کە دەشڵێین بازاڕی ئازاد قسە لەسەر ئەوەی نیە ئیتر حکومەت خۆی خاوەنی هەموو بوارەکانی کارگەکانی بەرهەم هێنان و بازرگانی نابێت ، بەڵکو رێگە نەدرێت دەسەڵاتی وەزیفی یا هەر دەسەڵاتێکی تر بازاڕ و بەرهەمەمەکان مۆنۆپۆڵ بکات و بازاڕی پڕ بڕواو دڵنیا بۆ هەموان مسۆگەر بکرێت.